چەپگرایی ژێل دێڕز لە نێوان مایکرۆکۆمنیزم و فەلسەفەی جیهانی سێیەمدا.. وەرگێڕانی عەبدوڵا: یاسین لەتیف

نووسینی: د . زهير الخويلدي..

پێشکی

"چەپ" لە هوانگەی جێل دەلەزەوە بە پلەی یەکەم ئاماژە نیە بە پارتەکی سیاسی یان ئایدەلۆژیایەکی دیاریکراو، بەڵکو مەبەستەکە بە هەوەستەک کە لەسەر بنەمای دروستکردن و دووپاتکردنەوەی جیاوازی و بەرەنگاربوونەوەی نەرم و پێکهاتەکانی دەسەڵات دامەزراوە . هاوکات پێویستە بە کارلێکی کارگەری چالاکانە لەگەڵ جیهاندا لە ڕێگەی پرسەی خوێندنەوە و لێکدانەوەی "ئادیکاتانە". کە ئاڵنگاری گەورەی باڵادەست و خوێقاندنی توانا نوێکان دەکات ، نەک گونجان لە گەڵ گوتراوەکانو سیستەمی دیاریکراوی پێشوەخت، ڕەتکردنەوەی پەلە پێشوەختەدیاریکراوەکان:

چەمکی "چەپ" لای دۆلەز گوزارشت نیە لەخۆگونجاندن لەگەڵ سپێکتریمی (الطيف) سیاسی تەقلیدی ، بەڵکو ڕەخنە گرتنە لە مەیلی پەیوەنکردن و پێناسەکردنی شتەکان . بە ئاماژەدان بەوەی کە ئەم پەیوەنکردنە زەرجار خزمەت بە بەهەزکردنی پێکهاتەکانی دەسەڵاتی ئێستا دەکات.

ڕەهەندەکانو شیکردنەوەی دەندەیی،

ئامانجی بریتیە لە ماماڵەکردن لەگەڵ دەق و بیرکەکان بە شێوەیەکی

"دانەدان" و هەوشاندنەوەیان و دوبارە کەکردنەوەیان و دروستکردنی مانا و پەیوەندی نوێ کە هەنگاو نووسەرە هەستەکان مەبەستیان نەبووبێت.

بۆ سیاسیکردن وەک نەرم .

هەڵەز پشنیاری ئەو دەکات کە پراکتیکی سیاسیکردنی چەپ- کە بەردەوام گومان و ئاڵنگاریی نەرمە دامەزراوەکان دەکات، دەتوانێت ببێتە پشووێک بۆ ماماڵەکردن لەگەڵ ناکۆکییە فەلسەفییەکان و دروستکردنی ئۆگەری نوێ.

ڵە دەروەی مەدەرنێتە .

هەمیتەدی دەڵەز تۆگەیشتنی مەدەرنێتی چەپ تەدەپەڕێنێت ، کە زەرجار پشت بە بیرۆکەی جۆگیر و پشکەوتنی هەڵی دەبەستێت. دیدەکی زەر نەرمتر و دینامیکیتر بە واقیع بونیاد دەنێت . هاوکات گەڕانکاری و جیاوازی بەردەوام لە جەوهەریدا ئامادەن. بەو مانایەی ئاراستەی چەپگەرایی لای دەڵەز بە واتای بەشداری چالاکانە لە دروستکردنی جیهانێکی کراوەتر و دینامیکیتر و هەمەچەشنتر. جیهانێک کە بەردەوام لە پەرەسەندنداید و بەرەنگاری هەزکانی یەکسانی و کۆنترڵە دەبێتەوە.

هەقی دیالێک .. "چەپ" واتای چییە؟

هەوک لە وتارەکەی پشوودا ئاماژەم پێدا، "ئەبیسەدەر" هەرگیز وەرنەگەڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی (لانی کەم، بەپێی ئاگاداری من).لەرەدا بەشداری بچووک و نامەی من لە کارەکی وەها گەورەدا. ئەمە کۆتایی ئەو "بابەتە"یە (جیلی چەپگەرایی) کە تیایدا ژێل دەڵەز لە دوو بەشدا پێناسەی "چەپبوون" دەکات کە مانای چییە.

بەشی دووەم هەونکردنەوەیەکە بە زاراوەیەکی زەر سادە بە چەمکی "بوون" کە لەگەڵ فەلیکس گواتاری لە پەرتوکی "هەزار هوو تەخت" بەرهەمان هانیوە .

هکڵەر بارنیەر: مانای "چەپ" بوون بە تە چی دەگەیەنێت؟

ژێل دەڵەز: باشە ئێستا پێت دەڵێم کە ناتوانرێت حکومەتێکی چەپ هەبێت. ئەمە بەو مانایە نییە کە جیاوازی لە نێوان حکومەتێکاندا نییە. باشترین شت کە دەتوانین هیوای بە بخوازین حکومەتێک کە پاڵپشتی بەشێک لە داواکارییەکانی چەپەکان بکات، لەکاتێکدا

حکومەتکی چەپ بوونی نییە. چۆن پێناسەی "چەپ" بکەین؟ من ئەمە بە دوو شێوە دەبینم یەکەم: کۆششی تێگەیشتنە. کۆششی تێگەیشتن واتای ئەوەیە "چەپ نییە" ئەمەش لە ناونیشانی پەستەوە دیارە ، چەپ نەبوون واتە لە خەم و شەقامکەم و لە شارکەم و لە وەاتکەموە دەست پێبکەم و دواتر لە وەاتانی ترەوە. ئەمە لە خەمانەوە دەست پێدەکەین و لەبەر ئەوەی ئەمە ئیمتیازمان هەیە و لە وەاتکی دەوڵەمەنددا دەژین، پرسیار دەکەین کە چۆن دەتوانین بە تێپەڕبوونی کات ئەم دەخە بپارێزین. ئەمە هەست بە هەندێک مەترسی دەکەین، ئەم دەخە ناتوانێت بە ماوەیەکی زۆر بەردەوام بێت، ئەمە دەڵێین "بەڵام چینییەکان زۆر دوورن، چۆن دەتوانین ئەوروپا بە تێپەڕبوونی کات بپارێزین؟" چەپ بوون بە پێچەوانەوەیە. ئەوە درک کردنێ وەک دەوترێت ژاپۆنییەکان درکی پێ دەکەن . ئەوان وەک ئەمە هەست ناکەن، بەڵکو پێش هەموو شتێک هەست بە دەوروبەرکەیان دەکەن دەڵێن: جیهان، کیشوەر، ئەوروپا، فەرەنسا و هتد ... ، شەقامی بیزەرتە من. ئەمە دیاردەی درک کردنێ ، بەم شێوەیە یەکەم جار هەست بە ئاسە دەکەین.

کلێر بارنیەر: لە ئاستیدا ژاپۆنییەکان چەپ نین! ؟

ژێل دەلەز: ئەمە هەکارەکە نییە. لەم درککردنەدا ئەوان چەپن بە واتایەکی تر چەپن. یەکەمجار ئاسە دەبینیت دەزانیت زۆر ناخایەنێت مەحاڵە ملیۆنان کەس کە بە برسێتی دەمرن، هەشتا بتوانن خۆاگر بن بە ماوەی سەد ساڵ . بەڵام لە کۆتاییدا بەرگەی ئەو ستەمکاریە هاوڵاتیە ناگرین ئەمە کۆشێکی ئەخلاقی نییە، بەڵکو کۆششی تێگەیشتنە. ئەگەر بە هەموان دەست پێ بکەین ئەوا ئەمە چەپین. ئەمەش بەو مانایە کە دەتوانین ئەم پرسانەش چارەسەر بکرێن ، ئەمە بە هیچ شێوەیەک بەو مانایە نییە کە بڵێین دەبێت ژێژەی لەدایک بوون کەم بکەینەوە و ...هتد. چونکە وتنی وا تەنها ئامرازێکی ترە بە پاراستنی ئیمتیازاتی ئەوروپا مەبەست ئەوە نییە. لە ئاستیدا بیارەکە پەیوەندی بە دەزینەوەی ڕەگخستنە جیهانییەکانەوە هەیە کە ئەم کێشانە چارەسەر بکات. چەپ بوون واتە بزانین کە پرسەکانی جیهانی سەیەم لە ئەمە نزیکترن لە دراوسێکانمان بەڵاستی کۆششی تێگەیشتنە نەک کۆششی ڕەحمکی جوان ئەوە جۆهەری چەپ بوونە بە من.

دووەم: چەپ بوون بە من پرسی گەڕانکاریە هەرگیز گەڕاکاری بە کەمینەبوون نەوەستێت. لە ئاستیدا چەپ هەرگیز زەرینە نییە و بە هەکارەکی زۆر سادەش.چونکە زەرینە وا گریمانە دەکات تەنانەت کاتێک

ئەم دەنگ دەدەین کە زەرترین ژمارەی خەڵک تەنها دەنگ بە شتێک نادەن... زەرینەگریمانەی ستاندارک دەکات .لە جیهانی ڕاژئاوادا ئەو نەرمەی کە هەموو زەرینەیەک گریمانە دەکات بریتییە لە نەر، گەورەساڵ،هەترسەکسوال ئەمانە لە شاردا دەژین . ئەزرا پاوەند و جویس شتگەلێکی لەو چەشنەیان گوت ، بەیارەکە ئایدیاڵە ئەم ئەوپەڕ ستاندارد . بەڵێ سروشتییە کە زەرینە لە کاتی دیاریکراودا ئەم ستاندارد بە دەست بهێنێت . هەر وەنەی پیاوێک، گەورەساڵ، هەتەسەکسوال، لە شاردا دەژین تا ئەو ڕادەیەی کە دەتوانم بڵێم زەرینە کەس نییە ، ئەم کەس نییە، ستاندارددکی بەتاڵە بە سادەیی ژمارەیەکی زەر لە خەڵک هەن، زەرترین ژمارەی خەڵک خەیان درک بەوە دەکەن کە لەم ستاندارد بەتاڵەدان، بەڵام ستاندارددکە لە خودی خەیدا بەتاڵە. کاتێک ژنان ئەژمار دەکرێن و دەچنە نێو زەرایەتیەوە یان کەمایەتیکی دووەمەوە بە پێوەری کەمەکەیان سەبارەت بەم ستاندارد ، بەڵام چیتر ؟

هەموو بوونەکان هەن کە بە بوونی کەمینە دادەنرێت. ئەوەی مەبەستمە ژنەکان ژنگەلێکی سروشتی نیین بەڵکو بوونیان هەیە ، ئەگەر ژنان بونیان هەبێت کەواتە پیاوانیش بوونیان هەیە ، پێشتر باسی بوونمان دەکرد وەک ئاژەڵە منداڵان بوونەکیان هەیە ئەوان بە سروشت منداڵ نین. هەموو ئەم بوونانە بوون بە کەمینە.

کلێر بارنیە: کەواتە تەنها بەشێر بوونی ئینسانیان نییە، ئەم سەختە!

ە ژێل دەلەز: ناتوانن، ئەوە نەرمەکی زەرینەیە. مرۆڤی پەگەیشتوو بوونێک نییە دەکرێت مرۆڤ توانای بوونی هەبێت ، بەم شێوەیە دەبێت بەشداری پرسەکانی بوون بە کەمینە بکەن ، چەپ کەی پرسەکانی بوون بە کەمینەیە . بەڵێ دەتوانم بە شێوەیەکی ئستەیی بڵێم: زەرینە کەس نییە کەمینەش هەموو کەسەکە ئەم واتای چەپ بوونە. بزانین کە کەمینە هەموو کەسەکە و دیاردەی بوونیش لەردا ووددات.

ە " ئەبسیدەر " لە ٢١ی حوزەیرانی ٢٠١١ بەاوکراوەتەوە چاوپێکەوتنەکە لەگەڵ ژێل دەلەز، کەماوەی حەوت کاتژمێر و نیو دەخایەنێت. لە ساڵی ١٩٨٨ لایەن کلێر بارنی خوێندکاری پەشووی و هاوڕێ نزیکەکەیەوە تەواو بووە و لە بەرهەمهێنان و دەرهێنانی پیەر ئەندرە بوتانگ . پەموایە نایابترین پێشکێیە کە مرۆڤ خۆنی پەوە ببینێت بە تێگەیشتن لە فەلسەفەی ژێل دەلەز، چونکە لەم قیدەیەدا

زمانکەی زۆر سادەیە لەوەی لە کتێبکانیدا بەکارهاتووە (لانی کەم لە زۆربەیاندا). ئەم بەگژدانەمایە بە ناوی Abécédaire ـە، کە تیایدا کلێر بارنێت و ژێل دەلەز کەمێک بابەت و کەشە ئاوگۆ دەکەن کە وەک یەک تەوەر پێشنیار کراون بۆ هەر پیتێک لە پیتە ئەبجەدیەکان .

شرۆڤە

دەلەز و مایکرۆ کەمنیزم ..

ئامانجی بابەتەکەم : دەلەز کەمێک سوورە ڕەنگە سەیر بێت فەلسەفەی دەلەز بە ڕەنگی کەمنیزمەوە گرێ بدەین. بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا باسی من لەسەر ئەو ڕاستییەیە کە دەلەز یەکێک بووە لەو فەیلەسوفە ئەوروپیانەی کە فەلسەفەی بیرکەی کەمنیزمی داڕشتووە بۆ لە بەرچاوگرتنی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان لە جیهانی سێهەمدا، پێژەکەی دەلەز ناونرا "مایکرۆکەمنیزم" کە هەوێدا لە ڕەگەی ئەزموونی سیاسی شۆڕشگێڕانی غەیرە ئەوروپییەوە فەلسەفەی سیاسی لە چوارچێوەیەکدا دابڕێتەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە بەو مانایە نییە کە من باس لە پەیوەندی ڕاستەوخۆی دەلەز لەگەڵ جیهانی سێیەم بکەم یان باس لە پێشهاتە مێژوویەکانی بکەم. جیهانی سێیەم بە دەلەز و گواتاری تەنیا زاراوەیەکی جوگرافی نییە، بەڵکو زاراوەیەکە کە ئاماژەیە بە ناوچەی سێیەم "کە زمان دەتوانێت لێی دەرباز بێت، ئاژەڵە دڕندەکانەوە و گرداکە بوون تێدا ڕەت دەبینێت.

جیهانی سێیەم لای دەلەز بابەتێکی جیۆپۆلەتیکی نییە بەڵکو "گەردوونێکی ئاژاوەگێڕە " گەمەیەکە لە نێوان "مانا و بێ مانا دا" . کەی دونیای سەرمایەداری لە ڕەگی ئیمپریالیزم و کۆنیالیزمەوە دروست بووە ، بەم مانایە جیهانی سێیەم ملکەچ نییەبەڵکو کار بە هەوشاندنەوە و تێکدانی زمان و یاسای ڕێژاوایی دەکات. ناوچەکانی جیهانی سێیەم دامەزراوە بە "بەکارهێنانی سنووردار یان چە" بە زمانی ئەپزسیۆن . "سیفاتی چەوساوەیی ئەم زمانە وەک سیفاتی ستەمکاریە" ئەم چەمکە لە ئەدەبیاتی سنووردار واتە "بەکارهێنانی سنووردار"ی زمان. بەو مانایە نییە "ئەدەب" بە تایبەتی کەمینە بێت ، وەک دانیال سمیس ئاماژەی پێدەکات کەواتە "سنووردار" ئاماژەیە بە "مەرجی شۆڕشگێڕانەی هەموو ئەدەب". من دەڵێم ئەم چەمکە سنووردارە پەیوەندی بە جیهانی سێیەمەوە هەیە دەبە وەک کلیلێک بۆ تێگەیشتن لە ڕەوتی دەلەز بە کەمنیزم سەیر بکرێت.کەمنیزم وەک دروستکردنی هەلومەرجی شۆڕشگێڕانە هەر لەبەر

ئەم هەڵوێستە مایکرۆکۆمۆنیزم چەندین پراکتیکی کۆمۆنیستی بەدوای خۆیدا دەهێنێت بۆ دروستکردنی هەلومەرجی شۆڕش. کەواتە دۆکترێت وا تەماشای چەمکی دۆگما زو گواتاری بۆ جیهانی سێیەم بکەین کە پێویستە بە مایکرۆ کۆمۆنیزمەوە ، بە خوێندنەوەی من شانبەشان کار دۆکات لە گەڵ چەمکی ئەدەبیاتی بچوکدا کە بۆکارهێنانی زمانێکی تەواو جیاواز دۆگرێتەوە لە بۆرامبەر نیشاندەری باڵادەستی دەوڵەتی سەرمایەداریدا . ئەم چەمکانە لەگەڵ بیرۆکەی سەرۆتایی دەلەزدا یەکدۆگرنەوە کە ‘پراکتیکی بۆرز’ی تواناکانە کە لە ڕۆگەیەوە ڕۆخنە لە کۆکردنەوەی نوێنەرایەتی کانت دۆگرێت.
دۆگما زوای ڕچاو کردووە کانت بەڕادەی پێویست ڕۆخنەگر نەبووە بە ڕادەی پێویستیش ئەزموونگەر نەبووە ، زۆر دوگماتیزم بووە. بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا دەلەز هەندێک ڕۆگەزی بۆنرخ لە دیدگا ڕۆسۆنۆکانی کانتدا بە کات و بیرۆکۆکان وەک کۆشۆ و توانا ناتەباکان دەدەزێتەوە. ئامانجی دەلەز ڕۆتکردنەوەی فەلسەفەی خودی کانت نییە، بەڵکو شۆشکردنە لە فەلسەفەی ڕۆخنەی کانتدا . بەم مانایە چەمکی جیهانی سێیەم لە فەلسەفەی دواتری دەلەزدا بە هاوکاری گواتاری بە پێژەی فەلسەفی ڕۆخنەیی بەردەوامی ئەو دادەنرێت . کە ڕۆخنەیەکی بنەڕۆتی پشکۆش دۆکات لە سەردەمی سەرمایەداری جیهانیدا.

ئەمڕۆ چەپی ڕادیکاڵ لە پاش کشۆ بچووکبوونەوەدایە، لە کاتێکدا پۆپۆلیزمی فاشیستی سەرهەڵدەدات و خێراتر دەبێت. ئەڵبەت ژێر ڕۆشنایی ئەم دیدە ڕۆشبینانەیە بە دۆخی سیاسی ئێستا ڕادیکالیزمی دەلەز و گواتاری لە فەلسەفەدا لە مانگی ئایاری ١٩٦٨ تا ئێستاش کارێگەرکانی پێویستە بە ئەمەوە. جگە لەوەش هەوڵۆکانیان بە بەستنەوەی فەلسەفەی سیاسی بە چەمکی جیهانی سێیەمەوە ئەوەندە بەهێزە پەداویستی داهاتووی سیاسەتی چەپگەرایی دادەڕێژێت . بە هەندێک زاراوەی “جیهانی سێیەم” بەسەرچووە، ئێستاش زاراوەی “باشووری جیهانی” جێگەی گرتووەتەوە. جگە لەوەش بزووتنەوەی سیاسی جیهانی سێیەم بزووتنەوەی بەلایەنکان شکستێکی گەورەیان بە نسیب بووە ، کەتاییان بووە بە کۆبەکێیەکی وەسوەسەو دەڕاوکێی نەوان دەوڵەتە نەتەوەییەکان بە “بردنەوە” لە لۆتکەی سەرمایەداری جیهانیدا. دەبێت چاوخشاندنەوەیەک بە فەلسەفەی دەلەز سەبارەت بە جیهانی سێیەم بە بەزاری سیاسی بۆرژوازی بکەوە. بە پێچەوانەی ڕۆتکۆە، من دەڵێم چەمکی جیهانی سێیەمیان ئامانجی ئەوەیە ئاڵنگاری ئەو نیشاندەرە بکات کە بە “کۆمۆنیزمی گەورە” دراوە، واتە پارتی کۆمۆنستی فەرەنسی و مارکسیزمە “فەرمیێکان”ی دیکە

زۆرێک باسیان لێوە کردووە کە پێژەی فەلسەفی دەلێز و گواتاری ئاستەوخۆ لە ڕووداوەکانی مانگی ئایاری ١٩٦٨ سەرچاوەدا، لێرەدا دەتوانرێت بڵێین فەلسەفەی سیاسی ئەوان ڕاستەوخۆ بزووتنەوەی ئاڵتەرئاڵتووە. بەڵام ئەم پێناسەیە بە ئاڵتەرئاڵتەکەیان ناڕوون و دووڕوویە. پەیوەندیی فەلسەفیەکەیان پێک بخات. لە کاتێکدا پێشبینی دووبارە سەیرکردنەوەی سیاسەتەکانیان دەکرێت لە ڕوانگەیەکی نائەرماتیڤەوە، پێویستە ڕاچاوی جۆری ئەو دیدگایە بکرێت کە هەوڵیانداوە لە فەلسەفەی سیاسی خۆیاندا بیپارێزن. زاراوەی "فەلسەفەی سیاسی" بە گشتی بە مانای تیۆری حکومەتانی دەگەیەنێت. بەڵام زاراوەی دەلێز و گواتاری لە بنەڕەتدا جیاوازە لەم بەکارهێنانە باوەدا.

هەروەها سمیس ئاماژە بەوە دەکات کە "دەلێز لە ڕۆگەی بەکارهێنانی ناوازەی ئەم چەمکە بە ڕوونی خۆی لە ڕەبازەکانی دیکە بە تیۆری کۆمەڵایەتی دوور دەخاتەوە." بە نموونە پشت دەبەستێت بە تیۆری دەوڵەت (ئەفلاتون)، یان گرێبەستی کۆمەڵایەتی (هۆبز)، یان ڕاچەی یاساکانی (مۆنتەسکیۆ)، یان لەسەر کۆشکانی "ئاشتی هەمیشەیی" (کانت) یان شارعیەت (دورکهایم، هابەرماس) و هتد. وەک چۆن لە چەمکی "ئەدەبیاتی لاوکی"دا، دەلێز لێرەدا "پراکتیکی زاڵ"ی فەلسەفەی سیاسی بە دروستکردنی سیاسەتی نوێ دەناسێنێت، بەو مانایەی ئەزموونکی فرەیی سیاسی لە بەرامبەر تیۆری سیاسی نەرماتیڤدا. لەم ڕوانگەیەوە ئەدواردۆ ڤیڤەرۆس دی کاسترۆ، زانای ئەنترۆپۆلۆژی بەڕازیلی بە شێوەیکی سەرنجڕاکێش بە ناوەی ئەمە ئاماژە بەوە دەکات: ناوی ژێل دوڵەز یەکسەر ئەو گۆڕانکارییە فیکرییە دەهێنێتە بەرچاو کە ئەو قۆناغەی دەوروبەری ساڵی ١٩٦٨ی دیاری کرد. کاتێک هەندێک لە ڕۆگەزە بنەڕەتییەکانی تێگەیشتنی کولتووری هاوچەرخمان دامەزراند، مانا و دەرئەنجام و واقیعی ئەم گۆڕانکارییە مشتومڕکی توندیی لێکەوتەوە کە تا ئێستاش بەردەوامە. وەک ڤیڤەرۆس دی کاسترۆ دان بەوەدا دەنێت میراتی فەلسەفەی سیاسی دەلێز هێشتا جێگەی مشتومڕە. ڤیڤەرۆس دی کاسترۆ لێرەدا ئاماژە بەوە دەکات کە ناوی دەلێز ئەو "گۆڕانکارییە فیکرییە"ی بیری ناوەی خۆی دەخاتەوە کە لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٦٨دا سەریهەڵدا. خەمی من لێرەدا ساتەوختی دەلێز و(گواتاری)ی دیدگای سیاسیدایە و ئارگیومێنتەکانم وا گریمانە دەکەن کە ئەو گۆڕانکارییەی دەلێز و گواتاری هەویان دەدا لە قۆناغی شێشدا بیهێننە ئاراوە "کودەتا" بووە بە دەستوەردانکانیان لە فەلسەفەی ئەوروپی لە ڕوانگەی جیهانی سێیەمەوە – بەشداریکردنی تیۆری لێرەدا نیشاندەری باڵادەستی

کۆمۆنیزم . مایکڕۆ کۆمۆنیزم بۆ واتای کۆمۆنیزمی فرەیی بۆ بۆ حزبی ناوەندی ، گومانی تێدا نییە کە دەڵاز و گواتاری ئیلهامیان بۆ بیرکەی کۆمۆنیزمی لامەرکەزی لە بزووتنەوە شۆڕشگێڕکانی جیهانی سەهۆڵەوە وەرگرتووە .

۞ فەلسەفەی جیهانی سەهۆڵەم

لە ڕاستیدا فەلسەفەی سیاسی ئەوان بەبێ بوونی جیهانی سێیەم مانایەکی نەدەبوو کە نوێنەرایەتی ناکرێت . چەمکی دەڵاز و گواتاری بۆ چەمکەکان تاکە ڕێگایە بۆ تێگەیشتن لە فەلسەفەی سیاسییان. بەم مانایە جیهانی سێیەم نوێنەرایەتی ئامادەبوونێکی ڕاستەقینە لە سیاسەتکەیاندا ناکات، بەڵکو نوێنەرایەتی ئامادەبوونێکی مەجازییە . بۆیە فەلسەفەی جیهانی سەهۆڵەمیان لە چەمکی کەمینەیەک وەک "گەلێکی غەیاب"دایە، ئەو کەسانەی کە بە زمانی حوکمڕان یان ئایدەلۆژیا نوێنەرایەتی ناکرێن . جگە لەوەش چەمکی جیهانی سێیەم ئاماژەیە بۆ پراکتیکی زامانەی زمان، واتە ڕەخنە گرتن لە جەوهەری نوێنەرایەتی . ڕەنگە لێرەدا بوێستین و پرسیار لەبارەی ئەو زەمینە ئایدیەلۆژیەوە بکەین کە دەڵاز و گواتاری چەمکی جیهانی سێیەمیان لە گوتاری فەلسەفی خۆیاندا جێگیر کردووە . ئیمانوێل والەرشتاین ئیدیعا دەکات کە "نامۆزایەتی سەرکی لە ساڵی ١٩٦٨ دژی زامبوونی ئەمریکا بووە بەسەر سیستەمی جیهانیدا" . بۆیە سەیر نییە کە دەڵاز و گواتاری گریمانەی هەژووونی ئەمریکی بکەن لە ئارکەمێنتە سیاسی – فەلسەفییەکانیاندا، لە بابەتگەلێکی جەراو جەردا ڕاستەوخۆ پرۆژە سیاسییەکەیان بە دژە ئیمپریالیستی یان پێست کۆلۆنیالیزم وەسف دەکەن .

ئەم ئاراستە سیاسییە لەو ڕۆژانەدا نە بەڵکەوت بوو ، نە ناوازەش بوو ، بەڵکو دەتوانرێت بەبێ مانگی ئایاری ساڵی ١٩٦٨ لوتکەی دەزینەوەی چەپی ئەوروپی بوو بە گۆڵانی جیهانی سێیەم. لە سایەی ئەم دەخەدا فەلسەفەی سیاسی دەڵاز و گواتاری ئامانجی فەلسەفەکردنی واقیعی گۆڵانی جیهانی سەهۆڵەم بوو . بەڕگەیەک کە پەیوەندی نێوان دەڵاز و وشەی سێیەم ئاشکرا دەکات ئەوەیە کە دەڵاز (لەگەڵ گواتاری) چەمکی "گۆڵانی ونبوو"یان بونیادنا بە ڕوونکردنەوەی پانتایی جیهانی سیاسەت . کەواتە ئەم کەسانە کێن؟ بیرکەی ئەو سەبارەت بە خەڵکی نەبینراوی ڕۆژئاوا، مەتافەر نییە، بەڵکو ئاگاڕکە بە سیاسەتی دژە نوێنەرایەتی- داهێنانی پرۆلیتاریای جیهانی.ئەڵە ئێستادا ناتوانرێت چینکی شۆڕشگێڕی یەکگرتوو لەناو ئەو دابەشکارییە کۆمەڵایەتییەی کە هەیە دەستنیشان بکرێت. ڕەنگە

ڕووداوەکانی داهاتوو ببنە هۆی سەرهەڵدانی ئەو جۆرە کەسانە . من دڵنیام چەمکی کەسانی ونبوو بە تەواوی لەگەڵ ڕووداوی مێژوویی بزووتنەوەی بە لایەنکان لە جیهانی سێیەمدا دەنگ دەداتەوە . بەم پێیە پێژەی سیاسی دڵڕز و گواتاری لە چوارچێوەی سێ گرووپی مێژوویی چەپی فەرەنسیدا جێی نابێتەوە:
چەپی کەماری، چەپی سۆسیالیستی و چەپی کۆمۆنیستی ، میشێل وینۆک گروپی چوارەمی چەپ بە "چەپی پێگیر " ناودەبات ، ڕۆلویس ئێگست بلانکی و ژان پۆڵ سارتەر نموونەی ئەم گروپە چوارەمن، کە ڕەخنەیان لە دامەزراندنی ئەم جۆرە چەپەدا هەبوو و دیموکراسی نوێنەرایەتیان ڕەتکردەتەوە . بە ئەوان سیستەمی هەڵبژاردن ئامرازێکی حوکمەانی بوو بە گەمارۆدانی شەشی گەل. بە پێچەوانەی مەدلی چەپی تونداوی وینۆک، کریستۆف کاڵتەر ئاماژە بەوە دەکات کە چەپی نوێی ڕادیکاڵ لە دوای ساڵی ١٩٥٦ بەرەو شەشی چوارەم دەڕێشتن.ئەو دەڵێت: کۆتایی هاتنی ئیمپراتۆریەتەکانی کۆلۆنیالیزم کاریگەری لەسەر دوو بواری بنەڕەتییەکانی خەتگەیشتنی چەپ هەبوو کە پەتانسێلی گۆڕەی خەباتیان هەبووە: 'شەش' و ' ئینتەرناسیونالیزم'. گفتوگۆکان سەبارەت بە پابەندبوون بە شەش و ئامرازە گونجاوەکانی گەیشتن بەو شەشە بووە هۆی ناکۆکی بەردەوام لەناو چەپدا. هەروەها تیۆرو پراکتیکی ئینتەرناسیونالیزم بووە هۆی ناکۆکی . چونکە داواکاری سروشتی بە نیشاندانی "هاودەنگی" لەگەڵ کۆلۆنیالیزمەکان زەرجار لەگەڵ سیاستی چەپی فەرەنسی بەرێککەوتنی هەبوو کە ناسیونالیست و لایەنگری کۆلۆنیالیزم، یان لایەنگری مسکۆ بوون.مشتومڕەکان لە دەوری خەبات و سیاستی چەپەکان لە چەمکی جیهانی سێیەمدا کەدەبوونەوە.

چەمکی جیهانی سێیەم پرسیاری لەبارەی ڕەڕەی چەپی فەرەنسی لە جیهاندا وروژاند ، جگە لە پرسیارەکان سەبارەت بە "کارەکتەری شەشی کۆمەڵایەتی-سیاسی و ئەکتەرەکانی و شوێن و پاڵنەرەکانی" . فرەچەشنی و لەکنزیک بوونەوەی چەپ لە دەوری هەمان چەمکی جیهانی سێیەم دەسوایەوە و جەختی لەوە دەکردەوە کە هاودەنگی لەگەڵ گەلانی کۆلۆنیالیزمدا بە شەشکی ڕیشەیی شتکی بنەڕەتییە. گومانی تێدا نییە کە فەلسەفە سیاسییەکانی دڵڕز و گواتاری لەگەڵ داواکارییەکانی چەپی تونداوی نوێدا هاوتەریب بوون.ڕەم ڕوانگەیەوە دەبێت لە پێژە سیاسییەکیان تێبگەین کە تیشک دەخاتە سەر ئارەزوو نەک دەستەبات، وەک هەوڵێک بە ڕەخنەگرتن لە گوتاری کۆنی چەپ و نوێکردنەوەی گریمانەی شەش . دڵڕز و گواتاری لەسەر بنەمای سیاسییەکانیان بانگەشەکردنی مەجازی جیهانی سێیەمیان

بونیادنا لە ڕۆگەی دیالۆگو باسکانیانەوە سەبارەت بە "کۆسانی ونبوو". بیرۆکەی دەلەز و گواتاری بە سیاسەتی مەجازی، واتە سیاسەتی خۆکی ونبوو،

ڕۆگە جوانیناسی دژە نوێنەرایەتیی ئەواندا دەنگ دەداتەوە . تێگەیشتنی دەلەز لە سینەما چەند بۆگەیەک بە ئارگیومێنتکەم دەخاتە ڕوو. ئەو ئەم ئارگیومێنتە پشتگیرییەی خوارەوە سەبارەت بە "خۆکی ونبوو" لە سینەما ٢دا دەخاتە ڕوو . لە سینەمای ئەمریکی و سۆفیەتدا خۆک بەهاستی بوونیان هەیە، هاستقینەن پێش ئەوەی واقیعی بن، ئایدیانن بەبێ ئەوەی ئەبستراکت بن . لەڕەوە ئەو بیرۆکەیە هاتە ئاراوە کە سینەما وەک هونەرکی جەماوەری دەتوانێت باڵاترین هونەری شۆشگۆڕانە یان دیموکراسی بێت و جەماوەر بکاتە بابەتکی هاستقینە . بەهام زۆر فاکتەر ئەم باوەڕیان لاواز کرد ، سەرهەدانی هیتلەر کە ئامانجی ئەوە بوو لە ڕێی سینەماوە جەماوەر ملکەچکات ، نەک جەماوەر بکاتە بابەت و هەست بە بوونی خۆیان بکەن ، ستالینیزم کە کەدەنگی گەلی گۆڕەی بە یەکگرتوویی حزبی پاوانخوازانە ، هەوەشاندنەوەی گەلی ئەمریکا، کە چیتر باوەڕیان بە خۆیان نەدەکرد کە ئەو گەلە تواویەی هابردوون ، یان تەوی گەلەکی داهاتوون . (هەژئاوای نوێ یەکەم بوون کە ئەم هەوەشاندنەوەیان پیشاندا) . بەکورتی ئەگەر سینەمایەکی سیاسی مەدەرن هەبوایە، لەسەر ئەم بنەمایە دەبوو: جەماوەر بوونی نەماوە، یان هەشتا نەبووە… گەل ون بووە . زەحمەت نییە لەڕەدا ببینین کە دەلەز بە ڕوونی باس لە سێ جەمسەری ئایدەلۆژیای سیاسی دەکات – ستالینیزم، نازیزم و ئەمریکیزم – کە سینەما بە "هونەری جەماوەر" دەزانن، ئامرازی شۆش و دیموکراسی کە خودی جەماوەری "هاستقینە" بەرهەم دەهێنێت . ئەم واقیعەی جەماوەر لە ڕیالیزمی سیاسی هەژئاوادا بە شێتی دادەنرێت، وەک لیبرالیزم یان ئابووری سیاسی . دەلەز لەگەڵ گواتاری ئاماژە بەوە دەکەن کە "سینەما توانای گرتنی جووڵەی شێتی هەیە لەبەر ئەوەی شیکاری کەنپەڕەستانە نییە، بەکو بەدواداچوون بە بوارکی جیهانی پکەوەژیان دەکات". بەم مانایە سینەما دەتوانێت چەکەکی سیاسی کاریگەر بێت بە بنیاتنانی ئامۆری جەنگ ، هاوکات خۆی هاپسکێنێت و هەبێت لە دژەتی ناسیونالیزم وەک ئامرازکی دیلکردن . چەمکی دەلوز بە جیهانی سێیەم پێویستە بەم "جیهانگۆڕیەوە"کە لە دەرەوەی بازنەی دژەتە نەتەوەیەکان دەستی بە دەرکەوتنی خۆی کردووە . ئەم پکهاتەیە خاڵی لکنزیکبوونەوەی واقیعی سینەما و مرۆڤ غیابکانە .

ئەوەی جێگای سەرنجە دەڵێز ئاماژە بە "هەوەشاندنەوەی گەلی ئەمریکا" دەکات کە لە سەردەمی جەنگی ساردا مەژووی کچی فرانکەنشتاینی خەیان لەبیر کردووە . ئەمریکا سەردەمانێک خاکی بەندراوی گەلانێک بوون کە سەر بە هەرەمکان نەبوون . ئێستا وەک لە فیلمە تازە دۆکیۆمێنتارییەکانی دەربارەی ئەمریکییەکان دەیانەوێت بە پاراستنی ناسنامەکەیان . هەروەک دەڵێز ئاماژەی پێدەکات: گومانی تێدا نییە ئەم ئاستییە دۆکیۆمێنتارییش دەگرێتەوە، بەڵام زۆر کەم لە نووسەران ئاشکرایان کردووە، چونکە بە میکانیزمەکانی دەسەڵات و سیستەمی زۆرینە شاردراونەتەوە . لە لایەکی دیکەوە لە جیهانی سێیەمدا تەواو دیار بوو کە گەلانی ستەملێکراو و ئیستغلالکراو لە دژی کەمینە هەمیشەییەکان و قەیرانی ناسنامەی بەکەمەوە ماونەتەوە .دۆجیهانی سێیەم و کەمینەکان فرسەتیان بە نووسەرە بە تواناکان دابین کردووە بە پێگەی تایبەتی خەیان و لە پێیوەندییان لەگەڵ نەتەوەکەیان تاکو بڵێن: گەل ئەوەیە کە نەماوە ، ئەوەی دەڵێز بەم ئارگیومێنتە ئاماژەی پێدەکات، پاڵنەرە شاراوەکەیەتی بە زیندووکردنەوەی سینەمای سیاسی. بنەمای سینەمای سیاسی ئەوەیە کە " گەل بوونی نەماوە، یان هەشتا بوونی نییە". چۆن بتوانرێت دۆگا خۆش بکرێت بە هاتنی گەلێک کە بوونی نەماوە (یان هەرگیز بوونی نەبووە)؟ لە چەمکی دەڵێزدا سینەمای سیاسی نوێنەرایەتی هەوەستە شۆشگێڕییەکان ناکات، بەڵکو نوێنەرایەتی دروستکردنی زانی سێیەم دەکات کە لە وەسف و گۆڕانەوەی چیرۆک تێدەپەڕێت . چیرۆکێک کە کراوە دەبێت بەووی گۆڕانکارییە بەشوماركاندا، دەربڕینی خەی لە "هارمەنی" خود و بابەتدا دەدەزێتەوە . ئەم پێیوەندییە یەکسانە لەگەڵ دیاریکردنی ئەوەی کە کامێرا بە شێوەیەکی بابەتیانە چی دەبینێت و کارەکتەرێک بە شێوەیەکی خودی چی دەبینێت. چیرۆکێک پێویستی بە بینەرێکی خوێندەوار نییە لە کاتێکدا نووسین بە زمانی باڵادەست مەحاڵە . کەتا زمان، نێک زمانی ئەویتر لە بنەمایەک کەمتر نییە ، دەبێت هونەر تێدا بەشدار بێت (بەتایبەت هونەری سینەما) بە داهێنانی گەلێک . دەڵێز پێداگری دەکات کە "ئەو ساتەی ئاغا یان کۆلۆنیالیست، ڕایدەگەیەنێت، 'هەرگیز لێرە گەلێک نەبووە گەلی ونبوو دەبێتە بوونێک و سەر لە نوێ خەی دادەهێنێتەوە، لە شارچکە و کەمپەکان یان لە گەڕەکە هەژارەکاندا، لە هەلومەرجی نوێی خەباتدا کە بەپێویستی دەزانێت هونەری سیاسی بەشداری تێدا بکات". وەک نموونەی سینەمای سیاسی نووسەرانی وەک ژان ڕەش، پیەر پۆڵ و عوسمان سەمبین دەهێنێتەوە ، بە بۆای دەڵێز ئەم دەرهێنەرانە دەخێکی نوێیان خوڵقاند ، کردەی قسەکردنیان گۆڕی بە کردەیەکی ڕۆی

چیرەک گەلانەوە . ئەم شێوازە ناڕاستەوخۆیەی گەیشتنی کردەی قسەکردن (واتە چیرەکگەلان) هەندێ سیاسی پێکهاتنی گەلە.

لە هێگڵی ئەم پرسیارەوە دەرهەنگر و کارەکتەرکانیان دەبنە "کەمەک کە وردە وردە لە شوێنکەوە بۆ شوێنکی تر، لە کەسکەوە بۆ کەسکی تر، لە شفاعەتخوازکەوە بۆ شفاعەتخوازکی تر سەردەکەون." . دەلەز بۆ ئاماژەدان بۆ لێدوانەکانی سەرج دانی سەبارەت بە فیلمی سیدی سەمبڵنی، جەخت لەوە دەکاتەوە کە سینەمای ئەفریقا "سینەمایەکە کە قسە دەکات، سینەمایەکی کردەی قسەکردنە".

گوتاری سینەمایی بریتییە لە کردەی گەلانەوەی چیرەک هاو کات بنەمای قسەی زیندوو دەبەتە هەی "بەهای قسەکردنی بکەمەک". ئەم کردارە هاوبەشە قسەکردنە دژایەتی ئەفسانەی زڕینە دەکات و ئەستای ژیاو لە ژێر هووی ئەفسانەدا گەشەگیر دەکات، "کە هێنگە بڕگە نەگیراو و باوەپێنەکراو و مەحاڵ بێت ، ئەستا لە کەمەگەی 'ئەم'دا تێیدا بژیت." پەدەچێت دەلەز لە باسکردنی سینەمای سیاسیدا دەستەاتی شاراوەی سیاسەت نەک لە هێژاوا، بەکو لە جیهانی سێیەمدا بدزێتەوە. ئەو کات کەلەنیالیزم و شەی سارد دوو جەمسەری چەپی فەرەنسی بوون. بیرکەی دەلەز لە چوارچێوەی مێژوویدا ناوازە نەبوو . لەو هێژانەدا زۆرێک لە گروپە چەپەکان لە فەرەنسا خەباتیان دەکرد بۆ ئاوەی چەمکی کەمینەکان وەک بدیلێک بۆ زڕینەی چەپی فەرەنسی بخەنە هوو. ئەم گروپە جیاوازانە بەشدار بوون لە هەتکردنەوەی دیموکراسی نوێنەرایەتی و ئامڕی سیاسی حزبە گۆڕکانیان . بەم شێوەیە خەیان بۆ ئینتەرناسیۆنالیستی "ئاستەقینە" و دژە فاشیزم دەزانی. چەمکی جیهانی سێیەم خەی لە خێدا لە سەکێیەکی سیاسی زیاتر نەبوو بۆ ئینتەرناسیۆنالیزمێکی نوێ و دژە فاشیزم لە بەرامبەر گەشەندن و کەدەنگی ناسیۆنالیزمی باڵادەست لە هەردوو فەرەنسا و بلۆکی سۆڤیەتدا . ئەم چەمکە ململانێکانی هاندا لەناو چەپی فەرەنسیدا ، لە هەمان کاتدا هاوپەیمانییەکی لەگەڵ گروپەکانی "چەپی تونددەو" فراوانتر کرد . تەرکیزکردنی دەلەز لە سەر جیهانی سێیەم وەک بنەمای سینەمای سیاسی لەم چوارچێوەیدا هاتە ئاراوە . . لە بەرواری ئازاری ٢٠٢٥ ئەمە بەشەکە لە کتێبی "کەمەنیزم دوای دەلەز"ی ئەلێکس تایک-گوانگ لی، کە بەم دواییە لەلایەن بلومسبەریەوە بڵاوکراوەتەوە.

د . **زهير الخويلدي** – حوارالمتمن ١ – ٧ – ٢٠٢٥

الادب والفن

کافکا لە نێوان نووسین و نووسەراندا!.. برایم فەرشی

I

فرانتس کافکای چل سالە، سواری ئیلخانی زادەی ٣٩ ساڵە، قادر دیلانی ٧١ ساڵە، گردراوی یەکترن و هەر سێ دوور لە زێد، دێیان لە لێدان وەستا. کافکای زێد نەدیتووی جوو، سواره و دیلانی زێد بەجێهێشتووی کورد، نوێخوازی ئەدەبیات (کافکا و سواره) و موسیقا (دیلان) بوون. کافکا چل ساڵ و دیلان سی وحەوت ساڵ لە شاری پڕاگ ژیانیان تێپەڕی. هەر سێ بە مردنی ئاسایی نەچوون. نەخۆشی و بێوازی، ناکۆکی لە تەک باوک، ژیانی کافکای داگرتبوو. ئازارەکانی ژیانی لە بەرهەمکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، وەک سوارێ کە لە منداڵییەوە لە گۆڕ ئازاری نەخۆشی هەتا دواساتەکانی ژیان دەستوێخە بوو.

سەرین کیرکەگارد فەیلەسووفی ٤٢ ساڵەی دانمارکی سەدەی نۆزدە، کە قسەی نوێی هێنایە مەیدان، لە سواره و کافکا دەچێت و هەر چوار ژیانیان دوور لە ژیانی ئاسایی بوو! کافکا ترسی توانەوە (ئاسمیلە بوونی) لە نیشتبوو، بۆیە بە گۆڕینی خێی فۆری زمانی عیبری کرد، ئەو دێویست بگاتەوە فەلستین. سواره و کافکا لە سەردەمی پڕ لە ئازاری منداڵی خۆیان دوور نەکەوتنەوە. دیلان زۆرجار لە بیری دەچوو، کە تەمەنی لە شەست لای داوە. کاتێک زستانی ساڵی ١٩٨٨ لە زانستگای کۆرن مۆسیقای منداڵانی بگۆڕی بینەران دادا، هەرچی منداڵ لە هۆڵەکە بوون لە دۆری هاڵان. دیلان چاوەکانی دادروشایە و وخساری منداڵانە دەینواند.

ئەم ساتەوەختە هەستی نامۆیی و غەریبی دیلانی دەرخست، وەک وتەی کارەکتەری چیرۆک و ڕۆمانەکانی کافکا، وەک ئەو هەستەی سوارێ :" دەم پڕە لە دەرد و کوڵ، دڵم بۆم لە شارەکەت". وەک هەمن، هەژار، قزەجی، زیرەک، تەماس مان، بۆشت، ئارنت، وەک پشیلەکەی هۆمان هەسێ سەرگەردان لە ناو کۆمانێ نامۆکان.

II

گرفتی کافکا لە گۆڕ باوکی، وێنەیەکی بەرچاو لە ناو ئەو کەمەگایانە دەردەخات، کە باوکسالار و داسڵەنێری ئاتۆیتەن.

کافکا لە تەمەنی ٣٦ ساڵی چەند ساڵ پێش مردنی ساڵی ١٩١٩ نامەیەکی ١٠٣ لاپەڕە بە باوکی دەنووسێ و بۆی نانووسێ. باوکی دەبوو بەیار لە سەر هەموو شتێکی منداڵیکانی بدات، ئەوە بە درێژایی ژیان، کافکای ئازار دا و بوو بە هۆینی نووسینەکانی و خوێقاندنی کارێکتەرەکان. کافکای پراگی و جۆرج تابووری بوداپیستی جوو، هەرکیان باس لە ئاتاریتێ دەکەن کە ڕەنگە لە ناو جووی پەرەوازی جیهان، مێتۆدێک بە پاراستنی خۆیان و ناسنامەیان بووبێ، ئەم باسە لە لای زیگمەند فرۆیدی جوو، لە وێن و بیرمەند و هونەرمەندی جوو لە ئوروپا بەرباس کەوتووە.

کافکا لەم نامە سەدوسێ لاپەڕەدا، ئاتاریتێ و دیکتاتۆری نیشان دەدا کە هەموو لایەنەکانی هەست و دەروون و بیرکردنەوە دەگرێتە خۆی و ئەوە دەردەخات کە چۆن لە منداڵییەوە مرۆڤ لە خۆی و خەیبوون دوور دەخرێتەوە و دەکرێتە مرۆڤێکی دەستکرد. ئەم پرسیە لە درێژایی ژیان ڕوو دەدات و ئاسایی دەبیندرێت و ئاسایی دەکرێت و کەمەڵگایەکی تەواو تۆتالیتەر پێکدەهێنێ، بە چەشنێک ئاسایی و ڕەژانە دەنوێنی . ژیانی ناو ئەم کەمەڵگایانە گرێدەرە بە داب و نەریت، فەرهەنگ و ڕەوەسم و دین و بازنەیەکی پە لە ئازی پێکدەهێنێ، کە دەربازبوون لێی هاسان نابێ.
کافکا لەم نامەیە و سەرجەم کارەکانیدا ئەم سیستەمە و کارەکتەرەکانی دەناسێنێ. هەر بۆیە دەبێتە سەرچاوەی بیر وهزر و تێگەیشتنی گەلێک لە فیلەسووفانی وەک والتەر بنیامین، تێدەر ئادەرنۆ ، هانا ئارێنت، ئابەرت کامۆ و کەسانیتر.

III

رودریگەر زانفرانسکی فیلسووفی هاوچەرخی ئەمان کە زیاتر لە شەست ساڵ گرێدراوی بەرهەمەکانی کافکا بووە و کتێبی لەبارەوە نووسیوە، دەبێژی: ،، نووسین بە کافکا گرنگتر لە ژیان و کاری ڕەژانەی بوو.” کێشەی سەرەکی ئەو لەوەدا بوو، خۆی ئازاد نەبینیوە، جگە لەو کاتەی خەریکی نووسین بووە . نووسین ئازادی پێبەخشیوە.

ئەو کارمەند و شارەزا لە پیشەکەی خۆی بوو، بەڵام خۆی ئازاد نەبینیوە. سەرەڕای کار و نووسین، باوکی پێشنیاری سەرپەرشتی کردنی کارخانەیەکی تازە سازکراوی خۆی پێدەکات و کافکا دەگاتە ئەو ئاستەی بیر لە خەکوشتن بکاتەوە. ئەو سەرەڕای ئەوین و ئەویندارەی، نەیتوانی خۆزان پێک بێنێ. زانفرانسکی لە گفتوگۆ لە تەک گۆڤاری فەلسەفە دەبێژ: ،، نووسین بە ئەو تاقیکردنەوەیەکی موتەڕەق بوو، کاتێ دەکەوتە نووسین لە ماوەی چەند هەفتە کۆتایی بە کارەکەی

دەهێنا،،.

زانفرانسکی لە زمانی کافکاەوە دەگێڕتەوە کە ئەو لە کاتی گفتوگۆ لە گەڵ "ماکس برۆد"، دەبێ، گوتبێتی:،، پاش تۆاوبوون لە نووسین چێشنێک لە حاڵەتی«ئێرگاسموس» لێودا پێک دیت". زانفرانسکی گێڕەکی نییە ئەمە وەک حاڵەتی سەکسکردن لێکبداتەوە. بەڵام ئەو، جێی تێامان و بیرکردنەوەیە ، لە بەر ئەوەی مرۆڤ تەنیا لە کاتی سەکسکردن، کۆنسێنتراسیۆنی "موتەەقی" هەیە. گەر مرۆڤ لە کاتی نووسین و خۆقاندنی هونەر بە حاڵەتی «ئێرگاسموس» بگات، مانای ئەوەیە" خووردبوونەوە" گەیشتووە بەرزترین پلە، حاڵەتێک کە تەنیا لە کاتی جووتبوونی نێر و مێ سەر دەگرێ و نایەڵێگی ئەوەی سەلماندووە. ئەم تێگەیشتنەی کافکا لە نووسین، دەوری بیروهزر و هونەر وشە و کارتێکەریی لە سەر مرۆڤ دەردەخات، گەر کافکائاسا بڕوانینە نووسین و هونەر.

بە ئەوەی لەم حاڵەتەی کافکا تێبگەین، دەبێ ژیانی ئەو بناسین. نووسەر و هونەرمەند بەردەوام ڕووبەرووی ئەم پرسیارە بوونەتەوە، کە چۆن ژیانی هاوبەش و پیشەی ژیانەی دوور لە نووسین و هونەر، لە یەک گرێ بدەن. کافکا ڕشتەی حقووقی خوێندبوو، کارمەندی ئیدارەی بیمە بوو. هەرچەند ئەو مافناسێکی لێهاتوو بوو، بەڵام کارەکەی تەنیا بەهانە بوو بۆ پارە پەیداکردن. هەتا نیوەڕۆ کاری دەکرد و خەی دەگەیاندەوە ژووەرەکەی و نووسین لە گەڵ خەی دەیبرد. گەلێک لە نووسەرانی بەناوبانگی جیهان، پیشەی ژیانەیان فەی بە سەر نووسینەوە نەبووە و ژیانی هاوبەشیان پێ لە کێشە ماوەتەوە و هەندێک پیشەی ژیان و ژیانی هاوبەشیان بە نووسین وەلا ناوە. کە ئەمە پرسیاری قووڵی لەدەکەوێتەوە.

کافکا ئەو کاتەی "نامە بە باوک،، دەنووسە لە ڕستەیەکدا ئێژێ ،، ئەم نامەیە دەبا نووسرابا، بەڵام مەرج نییە بخوێندرێتەوە,,. ئەم وتەیە لایەنێکی گرنگی نووسەر و نووسین دەردەخات. نووسەر و هونەرمەند و بیرمەند لە خۆ و بۆ خۆ دەنووسن و بەرهەم دەهێنن، کە چێشنێک ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ خۆ، واتە نووسەر خۆیەتی. کەسێکی وەک موتزارت گوێی لە دەرووەنی خەی بوو، دوای مەرگی زانرا، چی هەبووە. خاڵە نادیار و نەگوتراوی نووسەر و هونەرمەند، لە ڕێگای نووسین و بەرهەم، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئاشکرا دەکرێ، کە دەبێتە هەی ناسینی لایەنە نەزانراوەکانی نووسەر بە خەی، واتە نووسەر لەم ڕێگایەوە زۆرتر خەی دەناسێ.

نووسەری ئەم دەقانە لە تەمەنی مەرمنداڵییەوە، دەبوو بەرەو نووسین و شانۆ و مۆسیقا بخزێ و ساڵانی دواتر لە دەرەوەی وڵات، بکەوێتە گفتوگۆ لەتەک خۆی. ،، گفتوگۆی بارام و برایم،، بووە هۆی گۆڕانی ژیانی برایم. ئەم گفتوگۆیە نە بۆاو کرایەوە، نە کەس جگە لە نووسەر خۆیندوویەتەوە! وەک کافکا ئێژێ، دەبا نووسرابا. موتزارت نیازی بە خۆقاندنی مۆسیقا بوو، جاچ بۆاوکرێتەوە یان بۆاونەکرێتەوە، زیرەک پاش هەتیوکەوتنەوە، نیازی بە چریکاندن بوو، قاڵەمۆی منداڵ، دوای ڕاچەکین لە خەو، دەبوو لە شمشاڵ بتووێنێ، کافکا دەبوو بنووسێ، سوارێ دەبوو بنووسێ، دیلان دەبوو بچریکێنێ، کیرکەگارد، نیچە، شۆپێنهاوەر، دەبوو پرسیار بکەن و بنووسن، ئەوان کە سەرسەری سەیری خەیان و ژیان و گەردوونیان نەدەکرد.

کافکا ساڵی ١٩١٧ و ١٩١٨ لە نووسینەکانی شۆپێنهاوەر نزیک بووە، ئایینی مووسایی و عیسایی و باسگەلی مێتافیزیک، ژیان، مردن باسی کافکاش بوو. شوپێنهاوەر (١٨٦٠-١٧٨٨) لە باسی (Wille- ویست) مرۆڤ بەرەو بیرکردنەوە و گۆڕانەوە بە لای (من)ی مرۆڤ دەکۆشێ و پرسیار دەخوڵقێنێ. من کێم و چی من بەرەو بوون، بەرەو ژیان ڕادەکۆشێ؟ ویست چ دەورێک لە ڕاکۆشانی من بە ژیان و ئەو کارانەی من دەیکەم، دەگێڕێ.

کافکا کە بیری لە خەکوشتن کردبووە، درێژە بە ژیان دەدا و زەربەی وزەی خۆی بە نووسین تەرخان دەکا. ئەوەچ ویستێک بووە کە ئەوی لە حەقدە ساڵانەوە هەتا کۆتایی ژیان بەرەو نووسین کێشا؟ لەرەوە شۆپێنهاوەر دەگاتە کافکا و کافکا دەگاتە شۆپێنهاوەر کە لە زەر لایەنەوە نزیکیان لە گەل یەک هەیە. ئاگەر بە کافکا باوک دەبەتە بابەت و سوژە، بە شۆپێنهاوەر دایک دەوری کەسی خاوەن ئاتەیتە دەگێڕێ و سەرئەنجام دوای مردنی باوکی لە دەستی ڕادەکات و هەرچەند پڕۆفیسەری ئەو کاتی زانستگا بوو، لە بەڵێنەوە بە فڕانکفەرت دەگوازێتەوە و تا کۆتایی ژیان، دوور لە ژن و دایک دەمێنێ. ژیانی شۆپێنهاوەر گەڵک لایەنی دیکەی هەیە کە ناکرێ لەرە بە وردی باس بکرێ، بەڵام ئەویش وەک کافکا گرفتی لەتەک فەیلەسووفانی ناو بازنەی زانستگاکان هەبوو، کە چێشنێک ئاتەریتەخواز بوون.

ئاتەیتەخوازی هەر لە سەرەتای پەیدابوونی فەلسەفەوە هەبوو، فەیلەسووفانی وەک پلاتۆن تەنانەت دژی فەربوونی نووسین و خوێندن بە گۆشت کەس بوون و ئەوان باوەڕیان ئەوە بوو کە فەیلەسووف دەبە ڕاستەوخۆ، وانە بە خوێندکارانی بەتەوە و خوێندکار دەبە لە ژەر

ئاتەیتەی ئوستاد و وانەبێژدا بەنێتەوە بۆ ئاوەی تێبگات. ئەم کەسانی وەک شێپێنهاوەری ئازار دەدا و دوای ماوەیەکی کورت وازی لە پرۆفیسۆری زانستگای بێرلین هێنا، هەرچەند هەی وازهێنانی تێنیا ئەم نەبوو.

IV

مارتین بووبەر Martin Buber(١٨٧٨-١٩٦٥) فەیلەسووفی ئوتریشی-ئیسرائیلی، بە پێچەوانەی کافکا باوەی سەهیۆنیستی بەرانەبەر بە نەتەوەکەی پەیدا کردبوو. ئینتلئەکتوئێلی جوو لە ڕۆگای بیر و هزر، فەلسەفە، ئەدەبیات، دین تێگەیشتنیان لە خۆیان و زەدیان پەیدا کرد و ئاوجا بڕاو دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی و وەرگرتنەوەی زەدیان چوون. پشتڕاوانی جوو، ڕەنسانسیان لە ناو خۆیان لە لایەنی ئایینی، نەتەوەیی، زمانی، ئیتنیکی پێکهێنا و لە قاوغی تێگەیشتن و ژیانی کۆنی خۆیان کە زۆرتر لە ئاوارەیی تەدەپێی، هاتنە دەر و ڕۆگای ڕزگاری خۆیان خۆش کرد.

کافکا بە زمانی ئەدەبیات و لە ڕۆگای ڕەمان و بیرەوەری و نامەکانییەوە بە قووڵی ڕەخنەگرانە، چووە ناو سیستەمی تێگەیشتن و دەسەڵات لە ناو بنەماڵەی جووەکان. ئەو لایەنەکانی ئەم ژیان و سیستەمی، تاوتێ کرد و چێشنێک لە ئازادی تاکی نەخشاند. ژیانی خۆی وێنا و نموونەیەکی بڕچاو لە چەکردنی کەسایەتی و ئازادبوون و لە هەمانکات وێنەی نووسەر و بیرمەندێکی ڕەخنەگر بوو، کە ڕەخنەکان لە ماڵ و هوندری خۆیەوە دەستی پێکرد. ئەو بیری لە هەموو لایەنەکانی ژیان دەکردەوە و هەر بۆیە ساڵی ١٩١٢ تەنانەت پەیتووکێکی لە سەر زمانەکەی خۆی نووسی، کە فەریان نەکردبوو.

جووەکان تەنیا خۆنیان بە گەلانەوە بە فەلستین نەدەبینی، بەڵکو بیریان لەدەکردەوە. ساڵی ١٨٩٦ ئەو کاتەی کافکا دوازدە ساڵان بوو، تئەدەر هەرتسڵ Theodor Herzl (١٨٦٠- ١٩٠٤) کتێبێکی بە ناوی(حکومەتی جوو) باو کردەوە و لەو کاتەوە ئیلیت و خەڵکی جوو دیانزانی چیان دەوێ و ٥٢ ساڵ دواتر ئەو پلانەی ئەوان جێبەجێ کرا و حکومەتێک پێکهات کە لە هەموو بوارێکدا لە ناوچە و جیهان دەور دەگێڕێ.

تئەدەر هرتسل ، مارتین بووبەر و ئەوانیتر، لەو ڕۆگایەوە بە دژی پرسەی توانەوەی جوو لە وڵاتان جوانەوە و سەرەتا سەدەی هەژدە و نزدە و بیست توانیان جووەکان لە هەموو ئوروپا و ڕۆژئاوا و باقی جیهان لێک نزیک بکەنەوە. جووەکان بە شێوەی جیاواز لە هەر وڵات و شار و گوند ڕەکخران و کەڵتووری خۆیان لە وڵاتان پێکهێنا و خۆیان پاراست و خۆیان لە تواندنەوە و ئاسیمیلاسیۆن ڕزگار کرد.

کافکا هەرچەند هەستی وای هەیە کە ئایینی لە گوڵدا دەزرینگزینەوە، بەڵام لە لایەکیتر نووسراوەکانی تۆژی لە تێگەیشتنی نائایینییە، هەر بۆیە ویستی گیانەوە بۆ فلەستین ،گیانەوە بۆ وڵاتی ئایینەکان نەبوو، گەیانەوە بۆ زێد بوو. کاری ژانری کافکا و نووسینی شێوانە، ئەوی هان دا بۆ ژیانێکی ساکار ئازی بێت و بۆ نووسین و جێبەجێکردنی ئیدەکانییەوە، خۆی خەریک بکات. گیانەوە بۆ فلەستین بۆ ئەو خەون نەبوو، ویست بوو، هەرچەند مەرگ پێشی کەوت.

فریدریش نیچە Friedrich Nietzsche (١٨٤٤-١٩٠٠) بە گەیشتن بۆی ،،خودا مردووە،، ئەوی دەرخست کە ئینسان لە نەبوونی خودا، خۆی دەبینێتەوە. ئەو دەتوانێ بەیار بدات و بوونی خۆی بچێسپێنێ. نزیکی کافکا لە نیچە و فەلسەفەی ئەو، کافکای لە خۆی نزیکتر کردەوە. کافکا هەخنەکانی دەگاتە تەورات و ئینجیل و ئیبراهیم، کە بە باوکی ئایینەکانی ئیبراهیمی (مووسایی، عیسایی، محەممەدی) ناسراوە. قوربانیکردنی ئیسحاق کوڕی ئیبراهیم بە ئەمری خودا، بە خودا بێتە بەبەتی فەیلەسووفان، لەوانە، فەیلەسووفی دانمارکی سەرین کیرکەگارد. ئەو ئەم کارەی ئیبراهیم وەک ،، رزگارکەری باوەڕ، سەیر دەکات و ئاماژەیە بۆی کە ئیبراهیم هەندێ لە سەر باوەڕی خۆی سوور بووە، گەرەکی بووە، کوڕەکەی بکاتە قوربانی خوداکەی. ئەم تێگەیشتنە لە ناو باوەڕمەندانی عیسایی و مووسایی و ئیسلام چەسپاوە. کافکا بە پێچەوانە، قوربانی نەکردنی ئیسحاق بە دەستی ئیبراهیم لە نامەیەکی ساڵی ١٨٤٣ بە ،،سەرپێچکردن لە ئەمری خودا، سەرپێچیکردن لە سەردانەواندن بۆ ملهوڕیی.،، بە حیساب دەهێنێ. ئیبراهیم لە نێوان،، مەرگی کوڕەکەی بۆ خودا،، ژین و ژیانی کوڕەکەی هەڵدەبژێرێ. بۆچی دەبێ ئیبراهیم بۆ خودا کە دەیپەرستێ، کوڕەکەی فیدا بکات؟ بۆچی دەبێ خودا بۆ مەرگی ئینسان کە دەگوترێ، خوڕەندراوی خۆیەتی، ئازی بکرێ؟ ئەم ئازیکردنە بەم شێوەیە چ پەیامێکی ئینسانی و عەقڵی و مەنتقی و ئەخلاقی بۆ ئینسان پێیە؟

کافکا کە لە ئاتەریتە و ملهوڕی و ملکەچی دەدوێ، لەڕێ وێنەیەکی تەواو لە ئاتەریتە و ملهوڕی دەداتە دەست، کە هەرچەند مەیلی ئیبراهیم دەگەیەنێ، بەڵام ملکەچی ئیبراهیم ناگەیەنێ، ئەو ملکەچییەی هەموو ئایینەکان و هەموو دەسەڵات و ملهوڕەکان، لە ئینسانیان دەوێ. ئەم تێگەیشتنەی کافکا لە ئیبراهیم ئینسانییە. ئەو لە نێوان مەرگ و ژیان، لە نێوان ملکەچی و ئازادبوون، ژیان و ئازادبوون، هەڵدەژێرێ. ئەمە سەرپێچکردنی ،،ئادەم و حەوا،،ی

خەیاڵی و سەرپێچیکردنی،، شەیتان،،ی خەیاڵیش دەگرێتەوە!

بە کافکا ،،بووون،، و،،دابووون،، لە جێدا و لەکات و زەماندا سەرکەیەن. هەموو شت لە بووندا مانا دەدا. گەر ،،بووون،، نەبێ چی دەمێنێتەوە؟ خودای بە ،،بووون،،ی مرۆڤەوە، هاتۆتە ئاراوە. ئیبراهیمی (بوو و نەبوو) درێژەی ،،بووون،، مسۆگەر دەکات و کەسانی وەک کیرکەگارد کە ،،زگارکردنی باوەڕ،، لەم چیرکەدا لایان لە ،،بووون،، گرنگتر بێ، لە ڕاستیدا تووشی خۆتا دەبن، لە بەر ئەوەی باوەڕ بە بوونی "مرۆڤەوە" هەیە، نەک بە پێچەوانە.

کیرکەگارد لەرە لە تەگەیشتنی پلاتۆن و پلاتۆنیسم نزیک دەبێتەوە، کە پێیانوابوو، بوون لە ،،ئیدەی،،وە دێت و لەرەوە دەگەن بە خودا کە ،،بووون،،ی مسۆگەر کردووە. کیرکەگارد، پاسکال و کەسانی دی ڕەوتی ئیکسیستنسیالیسمی عیسایی پێکدەهێنن، کە بوونی ئینسان بە بە مانا دەزانن و مانای بوونی ئینسان لە بوونی خودادا، دەبینن، دژە ژیان دەبێتە ،،پووچی،،. ئەم ڕەوتە لایەنی ئاتەیستیشی هەیە کە کەسانی وەک هایدیگەر، سارتر، سیمۆن دوبوار دەگرێتەوە. ئەمان تەگەیشتنیان ئاوەیە کە مرۆڤ دەبێ خەی ،،مانا،، بە ژیانی ببخشێ. خەی بەرپرسە لە مانابەخشین بە خەی و بە ژیان. کافکا لە گەڕاندا مایەوە، نە بەم بار و نە بەو باردا نەکەوت.

VI

بەکارهێنانی ناوی کەسانی ناودار بە مەبەستی سیاسی و ناسیاسی هەبووە و هەیە. کافکا لە ماوەی سەد ساڵی دوای مەرگی وای پێکراوە. کافکا کە بە زمانی ئاڵمانی دەینووسی، لە پراگ لە دایک بوو، ژیا و مرد. کافکای جوو کە بە گۆڕەیی خەی فەری زمانی دایک کرد و بە زمانی چک و عیبری نەینووسی و وەک هاووڵاتی ئوتریشی-مەجاری دەزاندرا و هاووڵاتی ئاڵمانی و ئیسرائیلی پێنەبەخشرا و بەرهەمکانی هەتا ساڵی ٢٠٠٧ نەکرانە زمانی چکی و ڕەنگە تا ئێستا هەموو بەرهەمکانی نەکرابێتنە عیبری، ناوەکە کە هەموو لایەک بیکاری دەهێنن.

ئاڵمانی نووسینی کافکا بابەت بە باسی ئەم و ئەو بووە، کافکا ئاڵمانی نەبوو. هانا ئارێنت کە ئاوێش جوو و بە ڕەچەک ئاڵمانی نەبوو، دەبێژێ،، زمانی نووسینی کافکا بەگیرد و ڕەوان و شیعرئاساترین زمانی ئاڵمانی سەدەیە،،. جۆرج شتاینەر دەنووسێ،، زمانێکی ڕوون و بە گرێ وگۆڵی تاقانەیە،،. ئەم پرسیارە لەم پەوەندییەدا دێتە پێش کە ئایا کافکا ئاسیمیلە بووە؟

ئەو نەک لە ئامان، لە ناو کێنی جوو لە پاگ ژیا و بە ئامانی قسەی دەکرد و دەینووسی، بە بە ئاوی وەک ئامانی عیسایی بووبێت، بە بە ئاوی تەکێ ئامان و ئامانی و فەرهەنگ و داب و نەریتی ئوان بووبێت. ئەم بەسەرهاتە جوولەکەی وەاتانی تری ێژهەاتی ئوروپاش دەگرێتەو. ئاوی کافکا ئاسیمیلە بوو، پرسیار دەمێنێ، بەام ژیانی ئەو ئاو دەردەخات کە مەشکی کافکا خەریکی ئەم پرسیارە بوو و هەر بەیە خەی فەری زمانی عیبری کردووە و ویستی گەانەوی بە زەدی هەبووە. کافکا ئەو مەسەلەی لە ناو خێدا یەک لا نەکردەوە و بووە هەوێنی نووسینەکانی. سەرەای ئەمە، کام کافکا خەی لە زمانی ئامانیدا دیتەوە؟ تاژەدی ژیان ئەوەیە، کە بەشێ لە بنەماەی کافکا لە سەردەمی هیتلەر لە ئوردوگای ،، ئاوسشویتس،، لە لایەن ئامانی زمانکانەو، لە ناو چوون.

کاتێک لە زمانی ەوان و بە گرێ و گەی کافکا دەگوترێ، مەبەست زمانکی دوور لە ئیستعارە و سەبول و مانای ئینتزاعی و نآوونە. مەبەست زمانکە دوور لە پێچ وپەنا. زمانی کافکا خوێنەر بەرەو بیرکردنەوە و تێگەیشتن دەبات، نەک بەرەو خەیاڵ و خولانەوە لە ناو بازنەی تەسکبینی. زمانی ئامانی کەرەسەکی تر بوو، بە بە جیهانیبوونی بەرهەم و تێگەیشتنی کافکا. زمانی کافکا جیا لە جوانی ئەدەبی و شاعیرانە بوون، ەنگای وەرگەاندن بە سەر زمانیتری خۆش کرد، لە بەر ئەوەی زمانی کافکا، زمانکی ەئاڵ و سروشتی بوو.

برایم فەرشی
٣٠/٦/٢٠٢٤

• ئەم بابەتە دەبوو زووتر باوکرێتەو، هەی باونکردنەوی لە ئێستەی نووسەر نییە!

چیرۆک\ قیبلەنمای تراویلکە .. عومەر سەید

ژوورەکە پڕ دوکەڵ و بۆنی کحولە، هەشتا هەر باشە. دەستکانم لەسەر چاوکانم لابەرم، پڕ دەبێت لە سوراوی فرمێسکم و دەخنکێم. قوپ

دەدەم و نایەم فرمێسک بڕژێ. جگەرێ بە جگەرێ پەدەکەم و مەست و نیوە ئاگا لەسەر سیستەمەکە ڕاکشاوم. سیستەمێک بۆن عەزابی سەدان موسافیری بەر لە منی لێ دێت. چێک وچمیان، مەراق و عەزابیان، پڕ پڕ بە هەموو شوێنکی سەرین و دۆشەک و دیوارەکەوە! من وەک ئەوان، پاشماوەی چێکی خەم جێناهێڵم. ئەوان شەوێک یا دوو شەو، لەسەر وەک مار کاژێکیان لە پیسی فڕێداوە و پاشان بە ئازارەکانیانەوە بەی دەرچوون. نا، من لەسەر دەرناچم، تا لە هەموویان زیاتر پیستەرینی خەم جێنهێڵم. لەسەر کۆتایی بە هەناسەکانم دەنم و ڕۆح و جەستەی کۆنەفت و نەخۆشم هەر لەسەر بە کۆتایی دەگەیەنم. پیستەرینی خەم جەستە و ڕۆحم، لەسەر بە بۆگەنی جەدەم. دەگەڕێمەوە بە بەر لە دایک بونم. ئەو کاتانەی جەنگیزخان، هەڵمەتی دەبرد و کۆڵەسەری هەڵدەچنی. دەگەڕێمەوە ئەو سەردەمەی پێغەمبەرەکان، مردوویان زیندو دەکردەوە و ژنانیان وەک کەنیزک دەبەخشیەوە. ئەو کاتی خودا، بە هەموو ووداوەک، کرداری هەبوو. بە سەردەمی تەیروئەبابیلە کە بەشوومار بەردیان بە گەانەوەی شکەی خودا دادەباراند.
لەم دوا ساتانەی ژیانیشم، پیرەت وازم لێناهێنەت و هەر دێێ. کوا… کوا…
دایە مەنیج وازناهێنەت و دەقیژێنە بەسەرما: کوا… کوا… کواااا…
من هاتووم لەم ژوورە تەنیایەدا خەم بکوژم. کەچی سەدان کەس لە ژوورەکەدا، هاوارم لە دەکەن کوژراوەکانمان بە بگەڕێوە!
کوێکەم کوا… کچەکەم لە کوێیە… باوکم بدزێرەوە… مەردەکەم، ماوە یان نا… کچەکانم لە کوێن، ماون یان نەماون؟
من دەمەوێ خەم بکوژم، ئەوان هەشتا دەیانەوێ شوێنی کەسوکارە کوژراوەکانیان بە بدزمەوە.
بیست پایزم بینیوە و بارتەقای درەختە پیرەکەی نەو حەوشەکەمان چەند گەڵای لە وەریوە، هێندە و زیاتر خەم بە نەو ڕۆحم داباریوە. بۆیە بیست شووشە بیرم هەناوە. لە ساڵیادی لەدایکبوونم، لە بری مەم، جگەرە دوای جگەرە دەکێشم و بیرە دوای بیرە دەخەمەوە تا دوا سنوری مەستی. ئەمشەو دوا شەومە لە ژیاندا و خەم دەکوژم. سبەی کە خەر هەڵدێت. بە من نییە، من لە تاریکییەکی ئەبەدی و سارد و سەدام.
لەم ژووری ئوتێلە لاچێک و پیسەدا. دەموەت بگەڕێمەوە بە ئەو شوێنەی بەر لەدایک بوونم. نا بەر لە منداڵدانی دایکیشم. بیست هاوین، بەر بیست سەدە کەوتم! تەمەنم بیست دەزخە! بەردەوام هاودەمی مردووەکان بارەکی قورس بوو. هەرگیز وەک مرۆڤ نەژیام. هێندەی هەموو بریندارەکانی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم، تەرمم

بینیو. من لە قیبلەنمایەک زیاتر نەبووم. قیبلەنمای دەزینەوەی بزرە مردووەکان. دەگمەنترین کەسی ئەژگاری خەم بووم. هەتا بەی تایبەت و دەگمەن بووم. منداڵی جووکیەک دەبە چەن ژیانی کردبەت؟ ئەمشەو بارگەوبنەو دەپچمەو، بەام هەرگیز ئەو پیرە پیاوەم بیر ناچەت. وەک ئەوەی هەمیشە هاودەمم بووبەت. ئەوەتا لە یەکەک لە ئاوەنە بازنەییەکاندا، بە خیشم و قینەو لەم دەوانە. ئەستاش واهەست دەکەم لە بەردەممدایە. خەم و ئازاری ئەم پیرەپیاوە، کە هەرگیز لەمنا بەتەو، هەکارەکی سەرەکی خەکوشتنمە. حەوت کچ و ژنەکەی ئەنفال بووون. هەموو ئەژەک دەهاتە لای باوکم. هەفتەی جارەکیش باوکم لەەی خودا، دەیکردە ئەو ژوورە تاریکەی تەنها منی بەردەم ئاوەنەیەکی گەورەی تیادابوو، منی قەتیسکراو. هەموو هەفتەیەک جارەک، من دەبوایە بە کچەکانی خواەحم بگەەم.
کچەکانت ئەوەتان، دەبینی؟ لە نەو لمدا، کراسی بووکینی خەیان دەدوورن. دەبینی، لە بیاباندا، بە دوای زاوادا دەگەەن! دەبینی، وەک سەحرا، کراسەکانی بەریان پە پووڵەکەی تراویلکەیە. لەم ئاوەنەیەو تەماشایان بکە، ئیدی بە ئەبەد نایانبینیتەو. بیابان یەک جار هەیلووشیت، ئیدی هەرگیز ناتگەەتەو. ئەوەی شوو بە لم بکات، گەانەوەی نییە! نەمەزانە چەن تێبگەیەنم کە بیابان زاوایەکی دە پیس و بەدفەە، هەر کە کچی خەت پەبەخشی، لە یەکەم شەوەو و پاش زاوا بوون، ئیدی نایبینیتەو.
ئەو پیر و کەنەفت بوو. چاوەکانی تەخ و نا ەوون دەیانبینی. خەرا خەرا و پچە پچە دەیوت. "کوا هیچ نابینم؟!" بە گریانەو دەیوت "کەمەک ئاوەنەکە پاک بکەرەو."
هەموو جارەک بە خاوڵکەی دەستم ئاوەنەکەم بە پاکتر دەکردەو. ئەو هەر نەیئەبینی. تەخی و لم بارینەکە لە ناو بیابانەکەدا بوو، ئەگەر نا ئاوەنەکە ساف و ەوون بوو. دەمزانی ئەوەی من دەیبینم لە حوکمی چاوی ئەودا نەبوو. بە دەدانەوەی و کەمەک هەورکردنەوەی ەحە بە ئازارەکەی، بە لەهاتوترین شەوە درەم بە دەکرد و وەنای زاواکانیم وەک کوە شوانە چوارشانەکانی گوندەکەی خەی، وەک ئەو گەنجانەی بەدەم بلوڕەو هارترین بەرانەکانیان ەام دەکرد. وەک ئەو پیاوە پاکیزانەی، پەنج فەرزە، نوژیان دەکرد. ئاوا بە درە وەنای شانوشەوکەتی زاوای بیابانم بە دەکرد.
کیژەکانیم وەک حەریرەکانی نەو بەهەشت بە باسدەکرد. ئەها سەرنج بدە، چ بەژن زراف و چ جوان هەدەپەن...
کاتەکیش بە دەروونی ئارامەو ژوورە تاریکەکەی جەدەهەشت. کەفوکۆی گریانی من دەستی پەدەکرد. ئەوەی من دەمبینی لە ئاوەنەکەدا، جگە لە خەم کەس بەرگەی نەدەگەرت و ەووی باسکردنی نەبوو. خواەحم

چاوکانی کز بوون. گەر نا یەک لەسەر هەزاری دیمەنی کێژۆڵەکانی، بەس بوو بە ئاوەزی دەستبەجێ ڕاحی دەربچێت.
لە تەمەنی شەش بەهاریمدا، لە بەری ئاوەزی بخرەمە بەر مەکتەب. باوکم، خستمە بەر ئاوەنە! من منداڵی بەر ئاوەنێکی ئەفسوناوی بووم! لە نێو ژوورێکی تاریک و کەمەک تەڕخ و لەڵ بە ڕەنگی خوێن، ژوورێکی پڕ هەناسەی مەرگ و بخوێی سوتاو، یان باشتر وایە بڵێم پڕ تەرمی بێن کردوو. ئەو تەرمانەی گیانیان نەبوو، لە کون و پسوولکی ئەم سەرزەمینەدا، لە بیابانێکدا، لە نێو چێ قامیشێکدا، لە کەندەڵکی قووڵی دوورە شاخێکدا، هەر بە جلوبەرگی خوێناوی خەیانەوە حەشاردرابوون. یان لە بنی قووڵی بیرێکدا، لەگەڵ کەلاکی سەگ و پشیلە و مار و مێروودا بە ئەبەد فڕێدرابوون. لە ئاوەنەکەدا، ئەسکوپروسک و کەللەسەری دەم داچەقاوی ئەوانەم دەبینی و لە ژوورەکەشدا، کەسوکاری چاو بە فرمێسک و دەم بە ئاه و نزای ئەوانم دەبینی. هەمیشە چاوەکم لەسەر تەرمە بزرەکانی نێو ئاوەنەکە و چاوەکیشم لەسەر دەموپلی پاانەوە و هاواری کەسانی نێو ژوورە تەڕخەکە بوو. باوکم بە ڕیشەکی پان و فرەودەرانەوە، بە زمانی لووس و لەزانانەوە دەژیا و پارەی کەڵەکە دەکرد. ئەو گیرفانیانی دەتەکان و منیش ڕەحیان. ئەستاشی لەگەڵ بێت، نازانم ئەو چۆن ئەوانی فرەودەدا و بە چ ئەفسونێک لە خشتەی دەبردن! خەیشم تا ئەستا نازانم چۆن ئەو هەموو تەرم و وێنە و شوێنە لاتەریک و چەپکانە دەهاتە نێو ئاوەنەکەی بەردەمم و من لە ژێر کاریگەری چ سیحرێکدا، ئەو هەموو دیمەنە قەزوونانەم دەبینی و بە قوربانییەکانی نێو ژوورەکەم دەگەیاوە!
زۆر جار لە بەزاری و ئازاری جەستە شکەتەکەمدا، بە بینینی حەشاماتی نێو دیوەخانە هەمیشە سیخناخ لە خەڵکەکەدا، کە وەک ڕانە مێ لە بەردەم ویقاری باوکمدا گەمژە دەبوون. دەچووم و لە سووچێکدا گرمۆڵە دەبووم و مت و مات دەمەوانی و گوێم لە داخوازی و ڕاز و نیازی خەڵکەکە دەگرت. هەمیشە دیوەخانەکە جمەی دەهات لە خەڵک، لە ژن و لە پیاو. دیوەخانێک، دیواری بە جاجم و بە تابلۆی ئایەت و بە زەخرەفی ئیسلامی داپۆشرابوو. دوو دەرگیشت و سێی تر خەیان دەکرد بە ژووردا. لە ناوەڕاستی لای سەرەوەی دیوەخانەکەدا، باوکم بە ویقاری پاشایێک، چوارمشقی شانی دادابووە سەر سەرینی ئاوریشمی پڕ نەقش و نیگار. بەسەر فەرشی حەوت سەد شانەی حەوت سەد ڕەنگەوە، بە پەنجەی ئەستوری پڕ ئونگوستیلەی یاقوت و زومرودەوە، بە دوو چاوی زەقی نێو بازنەی قژە سەر و ڕیشی درژەوە، بە دەوریدا، کەشکی جادوویی پڕ تەلیسم دەباری.
پڕیتا پڕیتا، مرۆڤ لە بەردەمیدا کەنشی دەبرد و پاشان ڕاز و

نیازی خیان هەدەشت. خەرا خەراش باوکم هاواری دەکرد. "کاری تە بە جێیو و خەمت نەبەت بە دەی خەت دەبەت. " بە یەکی دەوت. "بچە ئەسکی بابی پەپولەسلەمانم بە بینن."
بە یەکەکی تری دەوت. "بچە پەی ئاستی پشیلەیەکم بە بینن، لە ئەنیشک بە دواوە باشترە و کاری خەی دەکات."
ئونگوستیلەی مس و فافەنی بە سەد قاتی پارەی خەی پە دەفرەشتن. پەیتا پەیتا دەیناردنە دوکانی سەر کەنانەکە، هەشکە و هەنگوینی بە نرخی خەیالی پەدەدان. هەژانە قەپی سەدانی لە بنەوە دەبەی...
ئەوەی هەرگیز بیرم ناچێتەوە، ئەو کوڕە گەنجە بوو کە بە پرتاو هات و لە بەردەم باوکمدا، کەمەڕ هەژنامەیەکی کەنی هەڵگرت و قورت قورت کەوتە گریان. هەر بە دەم گریانەوە هاواری دەکرد. "بەوانە بورجەکەم یا شەخ، ببینە کە چی دەڵێت..."
یەک یەک هەژنامەکانی هەڵدەگرت و دەگەڕا پیایدا و شتەکی دەخوێندەوە. "ئەم هەفتەیە قازانجەکی زەر دەکەیت. ئاستی سەرمایەت بە حەد زیاد دەکات و دەوەستەند دەبیت."
لە هەژنامەیەکی تردا گەڕا و چووە سەر بورجەکان، پەنجەی خستە سەر بورجی کاوە و بە دەم بەرنسک دانەوە کەوتە خوێندنەوەی. "لەم هەفتەیدا، بە دەخوازی خەی دەگات و لە چەند هەژێکدا زەماوەند دەکات." بەوانە لەرە بورجەکەم چی دەڵێت. "بەختت هوو لە بەرزیە، ژیانت بەرەو کامەرانیە، ئەو هەواڵانەی ئەم هەفتەیە پەت دەگات. هەمووی هوو لە خەشیە...
